# ئێمە وەك خوێنەر !؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان بۆ گەلێکی وەکو کورد مایەی بایەخن، بایەختر لەوە زۆربوونی خوێنەرەکانیەتی، ئەوخوێنەرانەی کە ڕەنگە لە دەرەنجامدا ببنە مەدی ڕای گشتی و فشاری بەتین بۆ خوێندنەوەی دیکەو دەرهێنانی بەڕەی تەنکبووی ژێرپێی دەسەڵات، ئەو خوێنەرانە ئیدی تینوێتیان بەوە ناشکێ نوسینی لە پەراوێزی سەردانەکەی سەرۆك وما سەرۆك بخوێننەوە، بەڵکو نوسینێك ئەخوێننەوە کە کۆدەتای مێشك و بیروبۆچون دروست بکات و دوور بێت لە پیاهەڵدانی سەیر سەیر، ئێمە وەك خوێنەر ئێستا خەریکی دروستکردنی فەزایەکی تازەین کە جیایە لە فەزای حیزب و دەسەڵات، فەزای خوێندنەوەو کەشفکردنی ڕاستیەکان و پەنجە دانانە لەسەر کۆی ئەو ناعەدالەتی و سیناریۆ درۆیانەی کە ئەچنرێت و دەسەڵات تەبەنی ئەکات و خەڵکی پێ چەواشە ئەکات،

کەمپین و دەنگ بەرزکردنەوەو فشاردانان بۆ گەندەڵی و ئابڕوبردنی سیاسیە نا سیاسیەکان و ئیعترازات دژی ڕاوەدونان و گرتن و سوکایەتی بە نوسەران و ڕۆژنامەنوسان خەریکە ئەبێتە کولتورێکی تازەو دڵخۆشکەرو ڕچە شکاندنی ئەو بەستەڵەکەش دیارە سایتە ئەلیکترۆنیەکانن کە بەرپرسان ئێستا بە حەزەرەوە نیگای ئەکەن نەبا گەندەڵیەکانی خۆیانن ببینن، ئەم کولتورە تازەیەی قەڵەم و میدیای ئەلیکترۆنی وای کرد فەراهەمی دۆخێکی نوێش بکات کە کێشەکان بۆخۆیان ببنە پارێزەری خۆیان وەك چۆن کارەساتی کەلاروسوتانی مینۆمێنتی هەڵەبجە و گرتنی کەمالی سەید قادرو دوکتۆرفایەق گوڵپی خۆیان بوونە پارێزەرو فشار، کە ئەمەش دەرکەوتێکی تازەیەو دەکرێت وەکو داهێنانێکی تازەش لێی بروانین، بەڵام دەسەڵات ڕۆژنامەو نوسین و مانشێتی جدیی نابینێ و ناشخوێنێتەوە؟ دەسەڵات ئەگەر ڕێزی دانەنا بۆ نوسەرو قەڵەمی خۆی ئەوا دەسەڵاتێکە ناتوانێ هەڵگری سادەترین خەون و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری بێت، کارەساتتر لەمە ئەوەیە درێژە بدەین بە کولتورێك بارەگاکانی حیزب ودەسەڵات چۆڵ بنوێنن وەك (فیرقەو ئیستیخبارات و ئەمنی عام و جەیشی شەعبی) ی جاران و زیندانەکانیش ئاوەدان هەر وەکو جاران و ئێستا، هەر دەسەڵاتێ زیندان و گرتوخانەکانی ئاوەدانتر بوو لە بارەگاحیزبیەکانی ئەوا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی بێزراوو نادیموکراسیەو ناتوانێ لە ئاست داواکاریەکانی خەڵکیدابێت، بە تەئکید لە سنورەکانی فاشیەت نزیك بۆتەوەو داخڵی دیکتاتۆریەت بووە، گرنگە دەسەڵات بگەڕێت بەشوێن سەرچاوەی توورەییەکانی خەڵکیدا نەك کپکردنەوەی تووڕەیی و دەستبردن بۆ گرتنی خەڵکی، هەوڵ بدات جەماوەر ئاشت بکاتەوەو بارەگاکانیشی بکاتە بارەگای خەڵکی و واز لە ترساندن و ئیرهاب بهێنێ و ئەوەندە بەدووی چاوترسێنی لاوانەوە نەبێ چونکە حیکمەت و چارەسەری مەدەنیانە گەلەك زۆرن و دانەخراون، بەداخەوە ئێمەی کورد خەریکە ئەچینە ناوهەیکەلی ستراکتۆرێکی فاشیانەوە زۆر ترسناکە دەسەڵات نەتوانێ خوێندنەوەیەکی مەعریفی و سایکۆلۆژی بۆ ڕووداوی مینۆمێنتی هەڵەبجە بکا و هەڵەبجە جارێکی دیکە بە سوتاوی جێبهێڵێت، ئەو ڕووداوە تازە بوویە کولتور و مێژوویەکی تری ئەو شارەو دەسەڵات دەبێ دان بەوەدا بنێ و بڵێ بەڕاستی وایە هەڵەبجە وێرانە بەمانای وێران، بەعس وێرانی کردو حکومەتی کوردی پشتگوێی خست و خەڵکی هەڵەبجەش سوتاندی، دەبێ ئەو تووڕەبوونەی هەڵەبجە و باقی شارەکانی دیکەی کوردستان بە هەندو واقیعی وەربگرێت و نابێ پرۆسەی گرتن بێتە تاکە هۆکارو گەنجان ئەوەندەی دیکە تورەو پەست بکات و لە زیندان توندیان بکات، ئەپرسم دوای سوتانی مینۆمێنت هیچ مەلەفێکی تێکدەرانەو دەستی دەرەکی ئاشکرا بوو؟ ئەگەر ئاشکرابوو بۆ پێمان ناڵێن؟ دەستی دەرەکی لە پشتەوەیە یان دەستی ناوخۆیی بۆ ڕای ناگەیەنن بۆ خەڵك؟ یان لەبەر زروف تایبەتی لێمان ئەشارنەوە؟ کە بەداخەوە هەر ئەم پرۆسەی شاردنەوەیە گەورەترین متمانەی دەسەڵاتی کوردی کوشتووەو وای کردووە خەڵك ئیدی بە دوای ئەو سەرزەمینانەدا بگەڕێ کە ڕاستیەکانی لێیە و ئاوەژوونەکراونەتەوە، بەڵام ئەو سەرزەمینانە دڵنیاین کە نوقڵانەی واقعێکی تازەیان پێیە کە مەحاڵە بەری پێبگیرێت.